# ناڤدارێن کورد

## شاعری گەورە

# کوردی

## ١٨٤٩-١٨٠٩



ئامادەکردن: سەردار ئەسعەد



ئەم شاعرە ناوی (مستەفای مەحمود بەگی ساحێبقڕانە) ئامۆزای (سالم)ی شاعرە، لە سالی (١٨٠٩) لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، هەر لەوێ فێرە خوێندەواری بووە، پاشان هەندێ زانستی ئیسلامی لە حوجرەی فەقێیان خوێندوە. لە بەر زۆرداری تورکەکان سلێمانی جێهێشتووە و چۆتە ئێران، لەوێ لەگەڵ دیوانی شاعیرانی عەجەمدا ئاشنایەتی چاکی پەیدا کردووە، لەوێ بەناوبانگ بووە، بەتایبەتی لە (سنە) دا، هەروەها لە تارانیشدا مامۆستای شازادەکانی شای ئێران بووە، هەروەها چۆتە شام و دووجاریش چۆتە پاریس.

لە ئێران لەگەڵ (قائانی) شاعیری بەناوبانگی ئێرانی داستانێکی سەیر و شەڕە شعرێکی زۆریان لە بەینا هەبووە،

(قادر) ناوێک، هەوێنی شعری کوردی بووە، دەڵێن جارێکیان لەسەرداوای شای ئێران (کوردی و قائانی) لە سەر حەوزێک دائەنیشن و ئەکەونە شعر خوێندنەوە.

(قادر یان قالە) ی هەوێن و چاوگی شعرەکانی کوردی، لە پشت کوردی وەستاوە، وێنەکەی لە ناو حەوزی ئاوەکەدا دیاربووە، (قائانی) هەست بەمە ئەکات، بۆیە بە داردەستەکەی ئاوی حەوزەکە ئەشڵەقێنێ و وێنەکەی قالە تێک ئەچێت، کوردیش بۆی هەڵئەستێ و بە پەنجە لە تەپڵی سەری قائانی ئەدات، -کە سەری کەچەڵ- بووە، وپێی ئەڵێت:

(لای ئێمە کەمانگ گیرا لەمس و تەنەکە ئەدەن؟!)

کوردی لە تەمەنی (٤٠) سالیدا مردوە و لە گردی سەیوان نێژراوە.